نێچیرڤان بارزانی و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی هەڵبژاردنی پەرلەمان کۆبوونەوە

ئەمڕۆ سێشەممە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە محەممەد ئەلحەسسان، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و بەرپرسی نوێی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (یونامی) کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا هەردوولا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و دۆخی پێکهاتەکان، بەتایبەتی ئێزدییەکانیان خستە باس و نێچیرڤان بارزانی، سوپاسی هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کرد.

دەربارەی کێشەکانی هەولێر ـ بەغداش، سەرۆکی ماوە بۆ درێژکراوی هەرێمی کوردستان دووپاتی کردەوە کە تاکە چارەسەر جێبەجێکردنی تەواوەتیی دەستوور و پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی عێراقە، هەروەها باشکردنی دۆخی ئێزدییان و گەڕانەوەی ئارامی بۆ ناوچەکانیان و گەڕانەوەی ئاوارەکانیان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بە پێویست و گرنگ لە قەڵەم دا.